*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (101-116)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.6**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Language and Migration

**Renas Jalal Ali*[1]**

**Garmian University**

**Renas.jalal@garmian.edu.krd**

**Asst. Prof. Dr. Salam Raheem Rashid**

**Garmian University**

**salam.raheem@garmian.edu.krd**

**Received:** 09/09/2025, **Accepted:** 14/09/2025, **Online Published:** 30/12/2025

**Abstract**

This research, entitled "Language and Migration," constitutes an attempt to examine and understand the complex and interconnected relationship between language and migration. It explores the significance of language in the migrant experience, as well as the importance of second language acquisition within migrant communities for accessing services, given that knowledge of a second language facilitates the establishment of relationships with the populations of their destinationareas .This work presents a new linguistic subfield termed "Migration Linguistics," which represents a branch of applied linguistics and is considered a recent and emerging area of linguistic study. Borlongan first introduced the term "migration linguistics" in a 2019 article, marking the earliest documented usage of this terminology .Language serves as a comprehensive social tool for migrants, forming the foundation of migrant language policy through the utilization of languages employed by migrant communities. The language spoken in a particular country represents one of the characteristics that must be considered in the migration process. The native language of migrants constitutes their national identity and forms an essential component of their cultural identity, serving as a factor in preserving migrants' national unity. The migrants' native language is regarded as a foundation for learning additional languages. Language testing represents one of the policies implemented by legislative authorities, based on the proficiency level that migrants must achieve in the target language. Consequently, language has been utilized as a tool for migrant selection for several decades. Due to the role of language in

[1] * **Corresponding Author**: Renas Jalal Ali**, Email:** renas.jalal@garmian.edu.krd
**Affiliation**: Garmian University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.6**

the migration process and its effects in today's world, systematic research on language within the framework of the migration process is necessary .

**Key words:** language, Migration, Migrant, Migration Linguistics, Migrant Communities

## اللغة والهجرة

ريناس جلال علي

**جامعة گرميان**

أ.م.د. سلام رحيم رشيد

**جامعة گرميان**

**الملخص**

هذا البحث، الذي يحمل عنوان "اللغة والهجرة"، هو محاولة لدراسة وفهم العلاقة المعقدة والمترابطة بين اللغة والهجرة. بحث هذه المقالة في أهمية اللغة في تجربة الهجرة، فضلاً عن أهمية اكتساب لغة ثانية في مجتمعات المهاجرين للوصول إلى الخدمات، نظرًا لأن معرفة لغة ثانية تسهل إقامة علاقات مع سكان مناطق وجهتهم. يقدم هذا العمل مجالًا فرعيًا جديدًا من اللغويات يسمى "لغويات الهجرة"، وهو فرع من اللغويات التطبيقية ويعتبر مجالًا جديدًا وناشئًا في الدراسات اللغوية. قدم (Borlongan) مصطلح "لغويات الهجرة" لأول مرة في مقال عام 2019، وهو ما يمثل أقدم استخدام موثق لهذه المصطلحات.

يعتبر اللغة بمثابة أداة اجتماعية شاملة للمهاجرين، ومن خلال استخدام اللغات التي تستخدمها المجتمعات المهاجرة، تشكل أساس سياسة اللغة المهاجرة. تُمثل اللغة المُستخدمة في بلدٍ ما إحدى السمات التي يجب مراعاتها في عملية الهجرة. اللغة الأم للمهاجرين تُشكل هويتهم الوطنية، وتُشكل جزءًا أساسيًا من هويتهم الثقافية، وتُسهم في الحفاظ على وحدتهم الوطنية. تعتبر اللغة الأم للمهاجرين بمثابة الأساس لتعلم لغات إضافية.

يمثل اختبار اللغة إحدى السياسات التي تنفذها السلطات التشريعية، بناءً على مستوى الكفاءة الذي يجب أن يحققه المهاجرون في اللغة المستهدفة. نتيجةً لذلك، استُخدمت اللغة كأداة لاختيار المهاجرين لعقود. ونظرًا لدور اللغة في عملية الهجرة وآثارها في عالم اليوم، من الضروري إجراء بحث منهجي حول اللغة في إطار عملية الهجرة.

**الكلمات الدالة:** اللغة، الهجرة، المهاجر لغويات الهجرة، جمعية المهاجرين.

## زمان و كۆچ

ڕێناس جەلال عەلی

**زانكۆی گەرمیان - كۆلێژی پەروەردە**

پ.ی.د. سەلام ڕەحیم ڕەشید

**زانكۆی گەرمیان - كۆلێژی پەروەردە**

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (101-116)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.6**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (زمان و کۆچ)، هەوڵێکە بۆ خستنەڕو و تێگەیشتن لەو پەیوەندییە ئاڵۆزو و تێکچڕژاوەی لە نێوان زمان و کۆچکردندا هەیە، گرنگی زمان لە ئەزموونی کۆچبەراندا و هەروەها گرنگی زمانی دووەم لە کۆمەڵی کۆچبەران بۆ دەستگەشتن بەخزمەتگوزارییەکان، لەبەر ئەوەی زانینی زمانی دووەم یارمەتی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنانە دەدات، کە کۆچیان بۆ کردووە. ئەم کارە خستنەڕوی بابەتێکی نوێی زمانەوانییە بەناوی (زمانەوانی کۆچ)، کە لقێکە لە زمانەوانی کارەکی و بە بەشێکی لاوەکی و نوێی زمانەوانی دادەنرێت، کە (بۆرلۆنگان/Borlongan) لە وتارێکیدا لە ساڵی 2019 دەستیکرد بە بەکارهێنانی زاراوەی زمانەوانی کۆچ، کە ئەمە بە سەرەتاییترین بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دادەنرێت. زمان ئامرازێکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە بۆ کۆچبەران، بنەمای سیاسەتی زمانی کۆچبەران کارلێکی ئەو زمانانەن، کە کۆچبەران بەکاریان دەهێنن ئەو زمانانەی، کە کۆمەڵە کۆچبەریەکە بەکاریاندەهێنن. ئەو زمانەی، کە لە وڵاتێکدا ئاخاوتنی پێدەکرێت یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی، کە دەبێت لە کۆچکردندا لەبەرچاوبگیرێت. زمانی ڕەسەنی کۆچبەران ناسنامەی نەتەوەی و بەشێکی گرنگی ناسنامەی کولتوری کۆچبەرانە و هۆکارێکە بۆ پاراستنی یەکڕیزی نەتەوەیی کۆچبەران، زمانی ڕەسەنی کۆچبەران بە بنەمایەك دادەنرێت بۆ فێربوونی زمانی دیکە. تاقیکردنەوەکانی زمان یەکێکە لەو سیاسەتانەی دەسەڵاتی یاسادانان دەیڕەخسێنێت و لەسەر بنەمای کەتواری ئەو زمانە دەبێت، کە کۆچبەران بەدەستیدەهێنن بۆیە زمان یەکێکە لەو ئامرازانەی، کە چەند دەیەیەك لەمەوبەر بۆ وەرگرتنی کۆچبەران بەکارهێنراوە. بەهۆی ڕۆڵی زمان لە پرۆسەی کۆچکردندا و کاریگەرییەکانی لە جیهانی ئەمڕۆدا پێویستە بەشێوەیەکی سیستەماتیك لێکۆڵینەوە لە زمان لە چوارچێوەی پرۆسەی کۆچکردندا بکرێت.

**کلیلە وشە:** زمان، کۆچ، کۆچبەر، زمانەوانی کۆچ، کۆمەڵی کۆچبەران.

**پێشەکی:**

لە ئەمڕۆدا جیهانگیری باڵی بە سەر هەموو کایەکانی ژیاندا کێشاوە و تاك لە سەردەمێکی جیهانگیریدا دەژی، جیهانێك، کە بە نایەکسانییەکی زۆر و کۆچی بە کۆمەڵ ناسراوە. کۆچ دیاردەیەکی جیهانییە و مێژوویەکی کۆنی هەیە، بە شێوەیەك مێژووی دێرینی کۆچکردن دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی پێش لە دایکبوون. زمان یەکێکە لە لایەنە تایبەتییەکانی کۆچ، کە هەموو کۆچبەران لە تەواوی پرۆسەکەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، بە هۆکاری ئەوەی زمان پردێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و نێوەندگیری لە پرۆسەی کۆچکردندا بە کاردەهێنرێت، زمان بە دڵی کۆچکردن دادەنرێت، هەروەها چاویلکەیەکیشە بۆ وردبوونەوە و تێگەیشتن لە کۆچ. زمان ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن و بیرکردنەوە، کردەیە بۆ پەیوەندیکردن و پێڕاگەیاندن و ڕێکخستن و پرۆسەکردن و گواستنەوەی زانیاری بەکاردێت. زانین و فێربوونی زمانی وڵاتی کۆچبەری یەکێکە لەو مەرجانەی ڕووبەڕووی کۆچبەران دەبێتەوە لە پرۆسەی کۆچکردندا، فێربوونی زمانیش بۆ ئەو کۆچبەرانە ئاسان دەبێت، کە زمانی زگماکی خۆیان لە ڕووی زمانەوانییەوە نزیك بێت لەو زمانەی فێری دەبن، واتە تەمەن و مەودای زمانەوانیی و پاڵنەر و هۆکارە دەروونی و مەعریفییەکان کاریگەرییان لەسەر کارایی زمان هەیە، چونکە کاتێك تاکێك لە کۆمەڵێکدا فێری زمانێك دەبێت لەگەڵ ئەندامانی ئەو کۆمەڵە پەیوەندی سوودبەخش و ئاڵوگۆڕی زمانەوانیی دادەمەزرێنێت.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (زمان و کۆچ) دایە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ڕۆڵ و پێگەی زمان لە دیاردەیەکی نێودەوڵەتی و بەربڵاوی جیهانی ئەمڕۆ، کە ئەویش دیاردەی کۆچە جگە لەوەی بابەتی (زمان و کۆچ ) لایەنێکی گرنگی زانستی زمانی کارەکی و بەتایبەتتریش زمانەوانی کۆمەڵایەتییە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:** لەبەر گرنگی چەمکی کۆچ و وابەستەبوون بە لایەنێکی گرنگی ژیان، کە ئەویش زمانە، ئەمە جگە لە نەبوونی هیچ جۆرە توێژینەوەیەك لە زمانی کوردی لەبارەیەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

1-زانینی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و کۆچدا بوونی هەیە و کاریگەری هەریەکەیان لەسەر ئەویدیکەیان چییە.

2-زانینی ڕۆڵ و پێگەی زمان لە ئەزموونی کۆچبەراندا و بارودۆخی زمانی کۆچبەران لە کۆمەڵی کۆچبەریدا.

3-زانینی زمانەوانیی کۆچ و ئامانجەکانی لە پرۆسەی کۆچکردندا.

4-زانینی ڕۆڵی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و کولتوری لە پەروەردەی کۆچبەراندا و ئاڵوگۆڕکردنی کولتور و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کۆچبەران.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە زانیاری نوێ دەربارەی پەیوەندی نێوان زمان و کۆچ و کاریگەرییەکانی زمان لەسەر پرۆسەی کۆچکردن، زمانەوانیی کۆچ و ئامانجەکانی دەخاتەڕوو، لەبەرئەوەی زمان هۆکارێکی سەرەکیە بۆ نیشتەجێبوون و برەودان بە ژیانێکی

نوێ لە وڵاتی کۆچبەریدا زۆر جار ئەو زمانەی، کە کۆچبەران ئاخاوتنی پێدەکەن لە وڵاتی کۆچبەریدا زمانی دایکی خۆیان نییە، بەڵام زمانی ڕەسەنی کۆچبەران یارمەتییان دەدات، کە هەست بە ئارامی و دڵنیای بکەن لەو وڵاتەی کۆچیان بۆ کردووە، خستنەڕووی لایەنە زمانی و کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی کۆچکردن و دۆخە دەرهاویشتەکانی بەرکەوتنی زمانی دایکی کۆچبەران و زمانی کۆمەڵی کۆچبەری و گواستنەوەی کولتوری کۆچبەران لە ڕێگەی زمانەوە.

**گریمانە و پرسیاری توێژینەوەکە:**

1-ئایا دیاردەی کۆچ، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەروەردەی زمان هەیە.

2-ئایا زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی ناسنامەی کەمینە زمانەوانییەکان، لە کۆمەڵی کۆچبەراندا.

3-ئایا بۆ هەڵسەنگاندنی کارایی زمان پێویستە سیستەمی خاڵبەندی پەیڕەوبکرێت.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زمانەوانی کارەکیدایە، کە تێیدا ڕێبازی (پەسنی- شیکاری) پەیڕەوکراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکیی لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە چوار تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باسی خوێندنەوەیەك بۆ فۆڕمە جیاوازەکانی کۆچ کراوە، لە تەوەری دووەمدا پەسنکردنی کۆچ و جۆرەکانی خراوەتەڕوو، لە تەوەری سێیەمدا باسی هۆکارەکانی کۆچ کراوە، لە تەوەری چوارەمدا باس لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆچ و زمانەوانیی کۆچ و ئامانجەکانی و تیۆرەکانی زمانەوانیی کۆچ کراوە. بەشی دووەمیش لە دوو تەوەر پێکهاتووە لە تەوەری یەکەمدا باسی پێگەی زمان لە ئەزموونی کۆچبەراندا، زمان و نۆرم و بەها کولتورییەکان کراوە، لە تەوەری دووەمدا زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و کولتوری لە پەروەردەی کۆچبەراندا و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی زمان و زمانی ڕەسەنی کۆچبەران و پاراستنی زمان و ناسنامەی کەمینەکان لە کۆمەڵی کۆچبەراندا و سودەکانی پرۆگرامی دووزمانی و ڕۆڵی زمانی دووەم لە گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان لە کۆمەڵی کۆچبەراندا خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم:**

## 1-1/خوێندنەوەیەك بۆ فۆڕمە جیاوازەکانی کۆچ:

کۆچ دیاردەیەکی جیهانییە و مێژوویەکی کۆنی هەیە، کۆچی مرۆڤ هەزاران ساڵە بەردەوامی هەیە، لە دێر زەمانەوە چەوساندنەوە و شەڕ و ئاشوب و کارەساتەکان، هۆکاری بەرچاوبون بۆ ئەوەی خەڵك ماڵ و زێدی خۆیان بەجێبهێڵن و کۆچبکەن، کەواتە مێژووی دێرینی کۆچکردن دەگەڕێتەوە بۆ چاخی پێش لە دایکبوون، هەر لە چاخی بەردینەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ و چاخی دۆزینەوەی کانزاکان، مێژووی کۆچی هیندۆئەوروپییەکان بەرەو ڕۆژهەڵات و ناوچە پڕ بەروبوومەکانی ئەو هەرێمانە بە گەورەترین و درێژترین کۆچ لە جیهاندا دەژمێردرێت، دوابەدوای ئەوەش لە سەردەمی بابلی و ئاشوری و سۆمەرییەکان کۆچ شێوازێکی شارستانی بەخۆیەوە بینی، کە لەپێناو نیشتەجێبوونی هەمیشەییدا بوو، لە مێژووی نوێی جیهانیشدا گەورەترین کۆچ، کە مێژوو بەخۆیەوە بینیوەتی کۆچی ئەوروپییەکانە لە وڵاتی خۆیانەوە بەرەو ئەمریکا لە سەدەی نۆزدەدا، کە لەو ساتەوەختەدا نزیکەی(60) ملیۆن ئەوروپی ئەوروپایان بەجێهێشت، دەتوانین بڵێین کیشوەری ئەمریکا لە لایەن کۆچبەرانەوە دۆزرایەوە و وڵاتی ئەمریکاش لە ئەنجامی کۆچی ئەوروپییەکانەوە دروستبوو. بەمەش بە بڕوای لێکۆڵەرانی ئینتۆگرافیا و ڕەگەزناسی و ئەنترۆپۆلۆژیا زیاتر لە(4700) کۆچبەر لە ساڵانی (1820) بۆ(1975) ڕویانکردۆتە کیشوەری ئەمریکا، پەیوەست بەم لایەنەشەوە لە سەدەی نۆزدەدا گەیشتنە لوتکەی قەوارەی کۆچ پیشبینیکراو دەبێت(جەبار،2001،2-3). لە ساڵی (2020) دا (281) ملیۆن کۆچبەری نێودەوڵەتی هەبووە، کە دەکاتە (3،6) ی کۆی دانیشتوانی جیهان، بەمەش ڕێژەی کۆچبەرانی نێودەوڵەتی بە بەراورد بە کۆی دانیشتوانی جیهان کەمدەبێتەوە، واتە لە هەر سی کەس یەکێکیان کۆچەری نێودەوڵەتییە، لەهەمان کاتیشدا ناتوانرێت جەخت لەسەر کاریگەری کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان لەسەر باقی جیهان بکرێتەوە، لە کاتێکدا کۆچبەران تەنها ڕێژەیەکی کەمی دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنن(Borlongan, 2023, 2). کۆچکردنیش یەکێکە لە گرنگترین دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان لە کۆمەڵە جیهانییە هاوچەرخەکاندا. کۆچ ئەزموونێکی مرۆییە، ئەو کەسانەی ئارەزووی دەکەن و ئەزموونی دەکەن، هەوڵدەدەن لە ڕێگەی کۆچکردنەوە ئاواتەکانیان بەدیبهێن. ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی کۆچ بەم شێوەیە پێناسەدەکات: جووڵەی کەسەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان، لە سنوورێکی نێودەوڵەتی یان لەناو دەوڵەتێکدا(Borlongan, 2023, 2)، یان زیاتر بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت کۆچ بە گواستنەوە لە وڵاتێك، شوێنێك یان ناوچەیەکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بۆ گەڕان بەدوای دەرفەتی باشتر بۆ نیشتەجێبوون (Imran, 2023,1). لەڕووی چەمکەوە کۆچ دوو چەمکی جیاواز دەگەیەنێت، کە بریتییە لە :

1-کۆچ بە واتای مردن یان لەدەستدانی کەسێك.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (101-116)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.6**

2-کۆچ بەواتای جووڵە یان گواستنەوەی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە.

مەبەستیی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، کۆچی مرۆڤە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، لەبەرئەوەی هەمیشە بەشێك لە دانیشتوان ئارەزوویان بۆ کۆچکردن هەیە بە بەراورد بە بەشێکی دیکەیان، واتە هەندێکیان بە ئارەزوو کۆچدەکەن و هەندێکیشیان بە ناچاری، کۆچبەر بە پرۆسەی کۆچکردندا تێدەپەڕێت و لەو رێگایەوە هەوڵدەدات لە هەموو ئەو کاریگەرییە ناوخۆییانەی رزگاربێت، کە بەسەر ژیانیدا هاتووە، بۆیە کۆچبەران پلانی رۆشتنیان دادەنێن تاکو بارودۆخی ژیانیان باشتر بکەن. لە رۆژگاری ئەمرۆدا لە هەموو کاتێك زیاتر خەڵك لە وڵاتێکی دیکەدا دەژین جگە لەو وڵاتەی تێیدا لە دایکبوون(https://www.un.org).

## 2-1/پەسنکردنی کۆچ و جۆرەکانی:

### 1-2-1/بە پێی پێوەری جوگرافی:

کۆچکردن یەکێکە لە پێکهاتە قورسەکانی گەشەی دانیشتوان بە بەراورد بە راستییە گرنگەکانی دیکەی وەك لە دایکبوون و مردن، چونکە ئەمانە لە تەمەندا یەکجار روودەدەن، لە کاتێکدا کۆچکردن چەند جارێك روودەدات، دەکرێت کۆچکردن لە چێوەی ناوچەکانی وڵاتێکدا بێت، کە پێی دەوترێت (ئاوارەی ناوخۆ)، لەوانەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بێت، پێی دەوترێت(کۆچی دەرەکی)، کەواتە کۆچ بەپێی پێوەرە جوگرافییەکان بەسەر دوو لقدا دابەشکراوە:

یەکەم :- کۆچی ناوخۆ: واتە جووڵەکردن لە ناوخۆی وڵاتدا، وەك گواستنەوە لە لادێوە بۆ شار.

دووەم:- کۆچی دەرەکی: دیاردەیەکی مۆدێرنی مرۆییە، جووڵەیەکە لە سنوورە نێودەوڵەتییەکاندا، واتە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە روودەدات(کاظم،2023،1-2).

### 2-2-1/بە پێی ماوەی کۆچ:

لەرووی ماوەی کۆچەوە دەتوانرێت دوو جۆر کۆچکردن دیاریبکرێت، کە بریتییە لە:

1-کۆچی هەمیشەیی: واتە کۆچکردن بە بێ گەڕانەوە بۆ وڵاتی رەسەن، ئەمە مەترسیدارترین جۆری کۆچە.

2-کۆچی کاتی: بە مەبەستی خوێندن یان باشکردنی ئاستی ژیان یان هۆکاری سیاسی، بە جۆرێك کۆچبەران دوای گەیشتن بە ئامانجەکەیان یان نەمانی هۆکارەکان، لە کۆتاییدا بۆ وڵاتی رەسەنی خۆیان دەگەڕێنەوە(فوجو،2012،12).

## 3-1/هۆکارەکانی کۆچ:

1-هەڵهاتن لە ناوچە جێناکۆکەکان :- گەڕان بە دوای ئاسایش و سەلامەتی، هەمیشە، یەکێك بووە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچ بە درێژایی کات. چونکە زۆرێك لە دانیشتوانی ناوچە جێناکۆك و نائارامەکان بە ناچاری هەڵدێن بۆ دەرەوەی وڵات و بەدوای ژیانێکی ئارامتر دەگەڕێن.

2-هۆکاری ژینگەیی:-گۆڕانی کەش و هەوا رۆڵێکی گرنگ لە کۆچکردندا دەگێڕێت، چونکە کارەساتە سروشتییەکانی وەکو زریان، بوومەلەرزە، گڕکان، تسۆنامی...تاد، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت ماڵەکانیان بەجێبهێڵن و کۆچبکەن بۆ شوێنێکی دیکە و بەدوای ژیانێکی ئارامتردا بگەڕێن.

3-هەژاریی و بژێوی ژیان:- جیاوازی زۆری موچە و بارودۆخی کارکردن لە نێوان وڵاتانی جیاوازدا هۆکارێکی گرنگە بۆ کۆچکردن، لەبەرئەوە زۆرێك لە وڵاتانی پێشکەوتوو سوود و هاندانێکی سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکەن و سەرنجی کۆچبەرانی وڵاتی کەم پێشکەوتوو رادەکێشن، واتە زۆرینەی خەڵکی کۆچ بۆ ئەو وڵاتانە دەکەن، کە خاوەن ئابوورییەکی باش و بەهێزن، نەك وڵاتە هەژار و کەم دەرامەتەکان.

4-پێداویستی کەسیی :- هەندێك کەس باوەڕیان وایە و هەستدەکەن سەر بە وڵاتێکی دیکەن جگە لەو وڵاتەی، کە تێیدا لە دایکبوون، وەك کەمینە ئاینیی و نەتەوەییەکان، لەوانەیە لە زێدی خۆیان رووبەڕووی گۆشەگیری ببنەوە ئەمەش وایانلێدەکات کۆچبکەن بۆ وڵاتێکی دیکە، کە لێیوردەترن دەتوانن لە ژیانێکی باشتردا بژین.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (101-116)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.6**

5- خوێندن و پەروەردە:- ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی پاڵ بەتاکەکانەوە دەنێت بۆ کۆچکردن، بەتایبەتی گەنجەکان هەوڵدەدەن ناویان تۆماربکەن لە زانکۆ نێودەوڵەتییەکان یان ئەو پسپۆڕییانەی لە وڵاتەکەیاندا بەردەست نین، دواتریش بڕیاری نیشتەجێبوون دەدەن لەو وڵاتەی، کە تێیدا دەخوێنن.

6-هاوسەرگیری:-ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی کۆچکردن، واتە خەڵکێکی زۆر بەهۆی هاوسەرگیرییەوە کۆچدەکەن بۆ وڵاتێکی دیکە.

7-ڕامیاریی:- هەندێك کەس بەهۆی ئەو سنوردارکردنە ڕامیارییەی، کە لە وڵاتەکەیدا بەسەریدا سەپێنراوە و هەروەها بەهۆی نەبوونی ئازادی ڕادەربڕینەوە کۆچدەکەن(https://www.for9a.com) .

### 4-1/پەیوەندی نێوان زمان و کۆچ:

زمان بە دڵی کۆچکردن ئەژماردەکرێت، پردێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی، نێوەندگیری لە پرۆسەی کۆچکردندا بەکاردەهێنرێت، کاتێك ئەم پرسە دێتەئاراوە زمان دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ نیشتەجێبوون مانەوە و بەرەوەدان بۆ ژیانێکی نوێ، زۆر جار زمانی وڵاتی کۆچبەری زمانێکە کۆچبەران لە لە دایکبوونەوە ئاخاوتنی پێناکەن، واتە زمانی دایکی خۆیان نییە. زمان لایەنێکە لەو لایەنە تایبەتانەی کۆچ، کە هەموو کۆچبەران لەتەواوی پرۆسەکەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کەواتە بەکارهێنانی زمان وەکو چاویلکەیەکە بۆ وردبوونەوە و تێگەیشتن لە کۆچ. بەهۆی ڕۆڵ و پێگەی زمان لە کۆچ و کاریگەرییەکانی کۆچکردن لە جیهانی ئەمڕۆدا، دەبێت بەشێوەیەکی زانستی و سیستەماتیك لێکۆڵینەوە لە زمان لە چوارچێوەی پرۆسەی کۆچکردندا بکرێت، بەو پێیەی گەڕان بەدوای زمان و کۆچکردن کارێکی نوێ نیە و پێشتر کار لەسەر ئەم بابەتەکراوە، لە ساڵی 2016 (پیلەر) ئەنتۆلۆژیایی) بەرهەمەکانی بەناوی زمان و کۆچ وەك بەشێك لە زنجیرەی ڕۆتلیدج[1] چەمکە ڕەخنەیەکانی لە زمانەوانییدا هێنایەئاراوە، دواتر لە ساڵی 2017 (کاناگاراجا / Canagarajah) دەستکاری کتێبی دەستی ڕۆتلێدچ بۆ کۆچ و زمان کرد، لەم دواییانەدا و لە ساڵی 2020 (کاپستیك/Capstick)کتێبی زمان و کۆچی بڵاوکردەوە. ئەم سێ بەرهەمەش لە بەرەوپێشبردن و تێگەیشتنی زمان لە چوارچێوەی کۆچکردندا جێگەی بایەخپێدان بوون ( Borlongan, 2023, 1-3 ).

### 1-4-1/زمانەوانیی کۆچ و ئامانجەکانی:

زمانەوانیی کۆچ لقێکە لە زمانەوانیی کارەکی، کە بە بەشێکی لاوەکی و نوێی زمانەوانیی دادەنرێت، ئەم بەشە لاوەکییە نوێیە بەردەوامە لە گفتوگۆ بەردەوامەکان لەسەر زمان و کۆچ و دەیانباتە ئاستێکی جیاواز لە تیۆریزەکردن و مۆدێلکردن، چونکە زمان پێکهاتەیەکی جەوهەرییە لە پرۆسەی کۆچکردندا و لەو چوارچێوەیەشدا زمان پێویستی بە مامەڵەیەکی یەکگرتو و گشتگیر و قوڵ هەیە، کە ئەمانەش بنچینەی دامەزراندنی زمانەوانیی کۆچن. وەك چۆن زمان و کۆمەڵ بەرامبەر زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە، زمان و دەروونناسی بەرامبەر زمانەوانیی دەروونییە، کەواتە زمان و کۆچیش بەرامبەر زمانەوانیی کۆچ دەوەستێت، هەرلەبەر ئەوەیە زمانەوانیی کۆچ بەرژەوەندی و هاوبەشی لەگەڵ زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، مێژووی، دەروونی، پەروەردەیی...تاد هەیە، چونکە کۆچکردن بە پلەی یەکەم پرسێکی کۆمەڵایەتییە و پێویستە لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، (جۆن واتسن/ John Watson)، کە بەدامەزرێنەی قوتابخانەی ڕەوشتکاری ئەمریکی دادەنرێت، زمان وا دەناسێنێت، کە ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتییە و خودی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەکرێت، بۆیە زمانەوانیی کۆچ بەشێکی دانەبڕاوە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان( Borlongan, 2023, 3).

زمانەوانیی کۆچ بریتییە لە لێکۆڵینەوەی نێوان زانستی فرە ڕەهەندی لایەنە جیاوازەکانی زمان لە چوارچێوەی پرۆسەی داینامیکی جووڵەی مرۆڤدا. لێکۆڵینەوەیەکی سیستماتیکە لە کۆچکردن، کە تیشکدەخاتەسەر، چۆنییەتی کاریگەرییەکانی زمان و بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر تەواوی پرۆسەی کۆچکردن. پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە زمان چۆن بەکاردەهێنرێت و بۆ چی زمان پێویستە و نوێنەرایەتی چ زمانێك دەکات و کام زمان لە پێش کۆچکردن و لە کاتی کۆچکردن و تەنانەت دوای کۆچکردن بەدەستدەهێنرێت و فێردەبێت. سەبارەت بە زاراوەی زمانەوانیی کۆچ (بۆرلۆنگان/Borlongan) لە وتارێکیدا لە ساڵی 2019 زاراوەی (زمانەوانیی کۆچی) بەکارهێنا، کە ڕەنگە ئەمە سەرەتاییترین بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە زمانی ئینگلیزدا بێت، لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە زمانەوانانی ئەڵمانی پێشتر وشەی( Migrationslinguistik ) یان بەکارهێناوە هەروەها لە ساڵی 2004 دا(کریفێلد/Krefeld) بانگەشە بۆ دامەزراندنی(Migrationslinguistik) کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا زمانەوانیی کۆچ کۆمەڵێك ئامانج لەخۆدەگرێت، کە بریتییە لە:

1-تیۆریزەکردن و پراکتیزەکردنی زمان وەك چۆن لە چوارچێوەی کۆچکردندا بەدەستدەهێنرێت و فێردەبێت و بەکاردەهێنرێت.

2- پەسنکردنی هۆکار و نەخشە جیاوازەکانی پەیوەست بە زمان لەپرۆسەی کۆچکردندا.

3- بەکارهێنانی دیدگا و میتۆدلۆژیای نێوان زانستەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان لە پرۆسەی کۆچکردندا.

4- دابینکردنی چارەسەری کردەیی بۆ ئەو پرس و کێشانەی پەیوەست بە زمان، کە ڕووبەڕووی کۆچبەران دەبێتەوە.

5- بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکانی زمان و کۆچکردن، بەتایبەتی کۆچبەران، بۆ تێگەیشتن و کارکردن لەسەر زمان لە پرۆسەی کۆچکردندا.

لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین ئامانجی زمانەوانیی کۆچ، گفتوگۆکردن و پەیوەندیکردنە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی باسکردنی مافە زمانییەکانی کۆچبەران، چونکە گرنگییەکی زۆر بە دەنگی خودی کۆچبەران دەدرێت، زۆر جاریش دژایەتی دەکرێن نەك تەنها لە پرۆسەی کۆچکردندا بەڵکو لە گوتارەکانی کۆچکردنیشدا بێدەنگ دەکرێن، کەواتە ئامانجی سەرەکی زمانەوانی کۆچ بریتییە لە لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی لایەنە کۆمەڵایەتی و زمانییەکانی پرۆسەی کۆچکردن و دۆخە دەرهاویشتەکانی بەرکەوتنی زمان و گواستنەوەی کولتوری .(Borlongan, 2023, 4-5)

**2-4-1/تیۆرەکانی زمانەوانیی کۆچ:**

چەندین تیۆری زمانەوانیی هەن، کە زمان و کۆچ بەیەکەوە دەبەستن، تیشکیان لەسەر چۆنییەتی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندن و گۆڕانی زمانەکان بەهۆی جووڵەی مرۆڤەوە دەبێت، لێرەدا چەند تیۆرێکی سەرەکی دەخەینەڕوو:

1-تیۆری درەختی خێزانی:

ئەم تێۆرە لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا، زیاتر بەناوی( ئاگۆست شلایچەر) موە گرێدراوە(خەیلانی،2023 ،10)، ئەم مۆدێلە زیاتر لە بواری لێکۆڵینەوەی مێژووی لە زماندا دەرکەوت، کە باس لە چۆنییەتی دابەشبوونی زمانەکان دەکات لە شێوەی لق و پۆپەکانی درەختێك، واتە هەموو زمانەکان لە باپیرەیەکی هاوبەشەوە لە شێوەی لقی دارێك دەردەچن، ئەم تیۆرە بەپلەی یەکەم بەدوای زمانی بنچینەیی و چۆنییەتی جیابوونەوەی زمانەکانی ئێستا دەگەڕا (ئەمین،2007،10-11) ئەم تیۆرە بۆ تێگەیشتن لە جیاوازیە زمانییەکان، کە بەهۆی پرۆسەی کۆچکردنەوە دێنە ئاراوە، دەکۆڵێتەوە.

2-تیۆری شەپۆل:

ئەم تیۆرە لە لایەن(جۆهانس شـمیث) ی ئەڵمانی لەسـاڵی(1872) خراوەتەڕوو(فتاح،2011،158). دواتریش لە لایەن (شـارلز جیمس بیلی 1973) و (دیبریل بیکرتۆن1975) پەرەپێدرا، پوختەی ئەم تیۆرە بریتییە لەو شـــەپۆلانەی، کە لە ئەنجامی فڕێدانی بەردێك بۆ ناو گۆمی ئاوێکەوە دروستدەبن (سعید،2023،528-529). گۆڕانکارییە زمانەوانییەکانیش لە خاڵێکی ناوەندییەوە وەك شەپۆلی ناو ئاو بەرەو دەرەوە بڵاودەبنەوە، یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی ئەم تیۆرە پەڕینەوەی خاوەنی یەکێك لە زمانەکانە بۆ ســـنووری زمانەکەی دیکە، هەردوو زمانەکەش دەکەونە ژێر کاریگەری یەکترەوە، کەواتە ئەم تیۆرە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە چۆن زمانەکان لەگەڵ کۆچکردنی دانیشتوان پەرەدەسێنن(ڕەشید،2013،24-25).

3-تیۆری ناوچەی جوگرافی (گرینبێرگ):

دۆزینەوەکانی زمانەوانیی ئەمریکی(Joseph Harold Greenberg) کاریگەری قوڵی لە بواری زمانەوانیی هەبوو، کە جۆری زمانە جیاوازەکانی (ئەفریقیا، ئەمریکا، ئوستراليا....تاد) پۆلێنکردووە، بە پێی ناوچەی جوگرافی زمانەکانی دابەشکردووە، بەوەی نەخشەی جوگرافی هەر ناوچەیەکی وەرگرتووە، پاشان بە پێی شێوەی ئاخاوتنی ناوچەکان سنووری بۆ زمانەکانی سەر نەخشەکە داناوە، ناوچەی زمانەکانی بەنیشانە یان ڕەنگی جیاواز لێکجیاکردۆتەوە(خەیلانی، 2023،13).

4-لێکۆڵینەوەکانی کریول و پیدجن:

لە ساڵانی هەشتاکان(دێریك بیکەرتۆن/Derek Bickerton ) لێکۆڵینەوەی کردووە لەوەی، کە چۆن کۆچ و بازرگانی دەبێتەهۆی دروستبوونی زمانی نوێی(پیدجن و کریول)، کە بەهۆی تێکەڵبوونی زمانەوانییەوە دروستبووە.(Holm,1988, 45).

5-تیۆری بەرکەوتنی زمان:

ئەم تیۆرە لە لایەن(ئوریێل واینرایچ /Uriel Weinreich) لە ساڵی(1953) خراوەتەڕوو، ئەم تیۆرە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات زمانەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر یەك هەیە، لە کاتێکدا، کە گروپە زمانەوانییە جیاوازەکان کۆچدەکەن و کارلێك لەگەڵ یەکتردا دەکەن.(Thomson& Kaufman,1988, 79).

6-تیۆری بڵاوبوونەوەی زمان:

لەلایەن(جولیس گیڵیرۆن /Jules Gillieron ) و (ئەنتۆنی مێیلێت/Antoine Meillet) لە سەرەتای سەدەی بیستەم خراوەتەڕوو، پێداگیریکردنی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە تایبەتمەندییەکانی زمان لە ڕێگەی بەرکەوتنەوە لە لای تەواوی دانیشتوانی جیهان بڵاودەبنەوە، زۆر جاریش پەیوەستن بە شێوازەکانی کۆچکردنەوە(Dixon,1997, 211)

**بەشی دووەم:**

## 1-2/ پێگەی زمان لە ئەزموونی کۆچبەراندا

زمان بە درێژای پرۆسەی کۆچکردن ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە، بۆیە ناکرێت لەم پرۆسەیەدا بایەخ و گرنگییەکەی لەبەرچاو نەگیرێت. بوونی زمانێکی هاوبەش و کۆمەڵە زمانییەکان لە وڵاتی کۆچبەری، یەکێکە لەو هۆکارانەی یارمەتیدەرن لە ڕوونکردنەوەی ئاراستەی ڕەوتی کۆچبەری، چونکە زانین و هاوبەشپێکردنی زمان یەکێکە لەو هۆکارە سەرنجڕاکێش و بایەخدارانەی، کە ڕەوتی کۆچبەری بەرەو وڵاتێکی دیاریکراو ڕادەکێشێت، بەواتایەکی دیکە ئەو زمانەی، کە لە وڵاتێکی کۆچبەریدا ئاخاوتنی پێدەکرێت، یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی، کە دەبێت لە کۆچکردندا لەبەرچاوبگیرێت. زمان هۆکارێکی سەرنجڕاکێشە لەگەڵ ڕێکارە یاساییەکان بۆ هاوڵاتیانی ئەو خاکانەی، کە بڕیاردەدەن بۆ شوێنێکی نوێ بەمەبەستی نیشتەجێبوون کۆچبکەن، بۆیە ئەگەر تاکە جیاوازی ئەو وڵاتەی، کە کۆچی بۆ دەکەن زمان بێت ئەوا دۆخەکە جیاواز دەبێت، لەم بارودۆخەشدا دەکرێت هەبوونی زمانێکی هاوبەش، هەڵبژاردەی کۆتایی بێت، زۆربەی کۆچبەرانیش ئەو وڵاتانە هەڵدەبژێرن، کە زمانەکەیان دەزانن، یان زمانەکەیان لە زمانی خۆیانەوە نزیکە(Bermejo, 2008, 2). لەبەرئەوەی لە ئەزموونی زمانی کۆچبەری و بارودۆخی پێشوازیکردن پێویست بە لەبەرچاوگرتنی پەرەپێدانی سیاسەتی یەکگرتنی زمانەکان دەکات، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی، ناتوانرێت چارەسەرێکی دروست بۆ ڕێکخستنی پەروەردەی زمانی و کولتوری خۆیان بە زمانی وڵاتی کۆچبەری هەبێت، جا شێوە و ئامانجەکانی ئەو پەروەردەیەش هەرچییەك بێت، هەر لەبەر ئەوەیە زۆری کارامەیی و ئەزموونی زمانیی و پێداویستییەکانی کۆچبەران تەنها بە کۆمەڵە ئەوروپییەکان هاوتادەکرێت، کە لە جۆراوجۆری زمان و جۆرەکانی پەیوەندیکردن، کۆمەڵ و گروپە کۆمەڵایەتییەکان و کولتور و ئایین و پەروەردە و ناسنامەکاندا خۆی دەبینێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی زمانی کۆچبەران و بەکارهێنانی زمانی وڵاتی کۆچبەری پێداویستییەکانی زمانی کۆچبەرانی نوێش جیاوازدەبێت، چونکە پێداویستییەکان بە پێی زمانی ڕەچەڵەك و زمانی کۆمەڵی کۆچبەری، جۆری کۆچبەرەکە دەگۆڕێت. بەمەش زمان بە ئامرازێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر بۆ کۆچبەران دادەنرێت. بنەمای سیاسەتی زمانیش بۆ کۆچبەران بریتییە لە کارلێکی ئەو زمانانەی، کە کۆچبەران بەکاریان دەهێنن ئەو زمانانەی، کە کۆمەڵە کۆچبەرییەکە بەکاریدەهێنن، پێویستە کۆچبەران و خەڵکی ڕەسەنی وڵاتی کۆچبەری ئاسانکاری بۆ یەکتری قبوڵکردن بکەن، نەك یەکتر ڕەتبکەنەوە، پرسی قبوڵکردنی نەتەوەیی و پرسی ڕامیاری کۆچبەران پرسێکی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، کە بە پێی هەر وڵات و کۆمەڵەیەك جیاوازی هەیە لە ڕووی (پێشکەوتنی ئابووری ،پڕکردنەوەی کەمی هێزی کرێکار، دەوڵەمەندکردنی کولتور، پارێزگاری لە مافی مرۆڤ و ئازادییەکان، ئاسانکردنی پرۆسەی کۆچ، پشتگیری یەکخستنی خێزان، زیادکردنی یەکتری قبوڵکردن ...تاد)(Beacco, 2008, 9-14). لە پرۆسەی کۆچکردندا زۆرێك لە وڵاتانی جیهان، پەنا دەبەنەبەر تاقیکردنەوەی زمان بۆ ئەو کۆچبەرانەی، کە دەیانەوێت بۆ وڵاتەکەیان کۆچبکەن، تاقیکردنەوەکانی زمانیش ئامرازێکی ئاسان و پراکتیکییە، جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەیە، کە دەسەڵاتی یاسادانان دەیڕەخسێنێت، بەو پێیەش پەیامێکی ڕاستەوخۆ و ڕوون دەنێرێت بۆ ئەو گروپە کۆچبەرانەی لە وڵاتدا هەن، لەم حاڵەتەشدا تاقیکردنەوەکانی زمان وەکو پێوەرێك بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی، کە باشترینن و بڕیاردان لەسەر ئەوانی دیکە، کە لە پێگەیەکی نزمتردا بمێننەوە. ئەم تاقیکردنەوانە نابێت تەنیا لەسەر بنەمای زمانی ستاندارد بن، بەڵکو دەبێت جۆرەکانی تری زمانیش لەخۆبگرێت و دان بەئاساییبوونی دووزمانی و فرەزمانی و جۆری زمانە تێکەڵەکاندا بنرێت، یەکێك لە بنەماکانی سیاسەتی زمانی بریتییە لەوەی، کە دەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سەیری مافی هەموو هاوڵاتیان بکرێت لە ئارەزومەندی بەکارهێنانی زمانی دڵخوازی خۆیان و پارێزگاریکردن لە زمانی دایك. تاقیکردنەوەکانیش دەبێت لەسەر بنەمای کەتواری ئەو زمانە بێت، کە کۆچبەران بەدەستیدەهێنن و کاریپێدەکەن. لەم جۆرە تاقیکردنەوانەشدا دەبێت ستراتیژیەتێکی ئاشنا بەکاربهێنرێت، پێویستە بەرنامەکانی فێرکاری و ڕاهێنانی زمان جێگیربکرێت، دەرفەت بە کۆچبەران بدرێت بۆ بەشداریکردن لەفێربوونی زمانی فەرمی، تاقیکردنەوەکانی زمانیش دوای ماوەیەکی دیاریکراو لە کۆچکردن و ئاشنابوونی زمانەکە لە چوارچێوەی جیاوازدا ئەنجامبدرێت(Mcnamara, 2009, 56-58). کەواتە زمان یەکێکە لەو ئامرازانەی، کە بۆ چەند دەیەیەك لەمەوبەر لە سیاسەتی کۆچبەری وڵاتانی پێشکەوتوودا، بۆ وەرگرتنی کۆچبەر بەکاردەهێنرێت، ئامانج لێی هەڵسەنگاندنی زانیاری کۆچبەرانە، سەبارەت بە زمانی ئەو کۆمەڵەی، کە دەیانەوێت تێیدا بژین یان تێیدا هاوڵاتی بن، بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەیی زمانیش سیستەمی خاڵبەندی پەیڕەودەکرێت پێش ئەوەی کۆچبەران بەرەو وڵاتی کۆچبەری بڕۆن، ئەمانەش پەیوەستن بە وەرگرتنی ڤیزە یان مۆڵەتی کارکردن یان هەڵبژاردنی شایستەترین کرێکار بۆ بازاڕی کار، زانینی زمانی وڵاتی کۆچبەری یەکێکە لەو مەرجانەی، کە کۆچەرێك دەبێت جێبەجێیبکات بۆ ئەوەی هەندێك ماف بەدەستبهێنێت یان بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی وڵاتی کۆچبەری. لەبەرئەوەی پابەندبوون بەزانینی زمان لە ڕێگەی سیستەمی خاڵبەندی و تاقیکردنەوەی زمان مەرجێکی بەخورتییە بۆ بەدەستهێنانی هاوڵاتی بوون.

سیستەمی خاڵەکانیش وەك بنەمایەك بۆهەڵبژاردن و پاکتاوکردن و جیاکردنەوەی کۆچبەران بیریلێکراوەتەوە، چونکە لە توانای وڵاتی کۆچبەریدا نییە، کە هەموو کۆچبەران وەربگرێت لەبەرئەوەی ژمارەی کۆچبەران زۆرن، سیستەمی خاڵەکانیش تەنها پەیوەست نین بەزانین و شارەزایی زمان بەڵکو بەندە بە کۆمەڵێك خەسڵەتی دیکە، کە لە وڵاتی میواندار بە ئەرێنی سەیردەکرێت. ئەمەش بە پێی کۆمەڵێك بنەما و تایبەتمەندییە، کە پێویستە لە کانیدەکە هەبێت وەك خوێندن، بازرگانی، ئەزموونی کارکردن، زمان، تەمەن، بوونی ئۆڤەری کار یان

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (101-116)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.6**

بوونی کەسوکاری لە وڵاتی کۆچبەریدا. یەکەم وڵات، کە سیستەمی خاڵەکانی خستە بازاڕەوە وڵاتی کەنەدا بوو لە ساڵی (1967)، کە زیاتر لە بیست ساڵ پێش وڵاتانی دیکە بوو، دواتریش ئوسترالیا لە ساڵی (1989)، نیوزلەندا لە ساڵی (1991) (Bermejo, 2008, 3-7).

### 2-1-1/زمان و نۆرم و بەها کولتورییەکان:

بەها کولتورییەکان نوێنەرایەتی ئەو بیرۆکە ئەبەستراکتانە دەکەن، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاوبەشن، سەبارەت بەوەی چی باشە و چی ڕاستە و خوازراوە لە کۆمەڵدا، بەها کولتورییەکانی وەك (زمان، ئازادی، خۆشگوزەرانی، ئاسایش...تاد)، بنەمای ئەو نۆرمە تایبەتییانەن، کە بە خەڵك دەڵێن لە بارودۆخە جیاوازەکاندا چی گونجاوە، لەبەر ئەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (سیستەمی خێزان، پەروەردە، سیستەمی ئابووری، سیاسی ... تاد)، ئامانج و شێوازی کارکردن و سەرمەشقی بەها کولتورییەکان دەردەبڕن. کەواتە بەها ڕوون و ناڕوونەکانیش تایبەتمەندی کولتورێکن، کە لە ڕێگەی بەرکەوتنی ڕۆژانەیان بە (داب و نەریت و یاسا و نۆرم ...تاد،) لەلایەن بەها کولتورییە باوەکانەوە لە قاڵب دراون و گوزارشتیان لێکراوە و بەخشراونەتە ئەندامانی کۆمەڵ، بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ کەتواری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتیکردنی نافەرمی، تەنها کۆمەڵایەتیکردنی فەرمیش بە ناوەندی گواستنەوەی بەها کولتورییەکانە دادەنرێت(Schwartz, 1999, 25). ئەو ململانێیەی لە نێوان هەرزەکاران و دایك و باوکە کۆچبەرەکاندا سەرهەڵدەدات، دەرئەنجامی نۆرم و بەها کولتورییە ناکۆك و ناتەباکانن، چونکە ململانێی کولتوری نێوان نەوەکان ململانێیەکی گشتی و سەرانسەرییە و زۆربەی بەها کولتورییە جیاوازەکانی پێوانەکردووە، زۆربەی هەرزەکارانیش نۆرمە کولتوریە باڵادەستەکەیان پێباشترە، بەڵام دایك و باوکە کۆچبەرەکان زیاتر مەیلی ئەوەیان هەیە پشتگیری لەو بەهایانە بکەن، کە لەگەڵ بنەچەی نەتەوەی خۆیاندا دەگونجێن، ململانێی کولتوری کاتێك سەرهەڵدەدات، کە بەهاکانی دوو کولتور لەگەڵ یەکتردا ناتەبابن، دەشێ بەهاکانی دوو کولتور لەگەڵ یەکتردا تەبابن، بەڵام هۆکاری دیکە ببنە سەرچاوەی ململانێی کولتوری، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەردووکیان داوای یەکسانبوونی بەها و نۆرمەکانیان دەکەن(wu, 2005, 2). چەمکی (نۆرمی پەسنی/ Descriptive Norm)، ڕەفتارە باوەکان دەگرێتەوە، کە یارمەتیدەرن لە تێگەیشتنی چەمکی پراکتیزە کولتورییەکان، نۆرمەکان پەسنی ئەوە دەکەن، کە مرۆڤەکان چۆن بیردەکەنەوە و چۆن ڕەفتاردەکەن، ڕەفتاری مرۆڤەکانیش کۆنترۆڵ دەکەن، واتە نۆرمەکان کۆمەڵێك ڕەفتار دیاریدەکەن، کاتێکیش ئەم ڕەفتارانە ڕۆتینی دەکرێن، دەبنە پراکتیك، بەم شێوەیەش نۆرمە کولتورییەکان دەبنە پراکتیکی کولتوری و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە(frese, 2015, 1-2).

### 2-2/زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و کولتوری لە پەروەردەی کۆچبەراندا:

زمان پێڕەوێکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە و هەڵگرو دەربڕی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵە. زمانەوانیی کۆمەڵایەتی زانستێکی کارەکییە، کە گرنگی بە کارلێکی نێوان زمان و کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانە زمانییەکان دەدات، هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئاخاوتن و نوسینەوە، لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی زمان لە بارودۆخە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکات، ئەم زانستە گرنگی بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ڕەفتاری زمانی دەدات، نەك شیکردنەوەی زمانی، ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات. کولتوریش بەشێکە لە کۆمەڵ و پەیوەندی بە بنەما و ئامانج و بیروباوەڕی کۆمەڵەوە هەیە، سەرەتا تاك لە ڕێگەی خێزانەکەیەوە زانیاری و شارەزاییەکان وەردەگرێت، خێزانیش لە ڕێگەی کولتوری باوی کۆمەڵەوە یاسازمانییەکان وەردەگرێت و لە ڕێگەی زمانەوە دەیانگوێزێتەوە. بۆیە ئاڵوگۆڕکردنی کولتور و بنەما کۆمەڵایەتییەکان، تەنها لە ڕێگەی خێزان و کۆمەڵەوە ناگوێزرێتەوە، بەڵکو پێویستی بە دەزگایەك هەیە، کە ئەم بنەما کولتورییانە بەشێوەیەکی دروست بە تاکەکان بگەیەنێت، لێرەدا پەروەردە بەلایەنێکی گرنگ دادەنرێت، کەواتە خوێندنگا دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە، ڕۆڵی لە فێربوون و فێرکردن و ڕونکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵدا هەیە (ئەمین،2015 ،70-77).

بۆیە ئەنثرۆپۆلۆژیای پەروەردە[2]بەشێوەیەکی نەریتی لە ڕۆڵ و جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کولتوری و زمانەوانییەکانی پرۆسەی خوێندن دەکۆڵێتەوە، بەڵام ئەنثرۆپۆلۆژیایی زمانەوانیی پەروەردە[3] شانازی بەو ژینگەیەوە دەکات، کە فێربوون و تێگەشتن و پێشکەوتنی زمان تیایدا ڕوودەدات. داتا کۆمەڵایەتی و زمانەوانییە سەرەتاییەکانیش لە خوێندکارانی کۆچبەر پێکدێت، کە لەگەڵ زیاتر لە زمانێك، واتە(فرەزمانی) لە پرۆسەی خوێندندا لە پۆل و ماڵەوە دەجەنگن، واتە چۆن کۆی شێوازە زمانییەکانی خۆیان لە ماڵەوە دەهێننە ناو پۆلەکانەوە. کەواتە تایبەتمەندی زۆرێك لە لێکۆڵینەوە ئەنثرۆپۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکانی پەروەردە ئەوەیە، کە خوێندنگاکان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینن (Collins, 2012, 192-193). یەکخستنی کۆچبەرانیش لە خوێندنگاکاندا، بەهۆی هەڵوێستی پابەند و پشتیوانی و هاوکاری مامۆستایانەوە بەدەستدێت، لەسەر بنەمای خزمەتکردنی خۆبەخشانە و پابەندبوونی ئەو کەسانەی بەشدارن لە پرۆسەکە، هەر بۆیە پێویستە پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان و میتۆدۆلۆژیای پێداگۆجی لەخۆبگرێت، کە ناوەڕۆکی فێربوون، لێهاتووی و بەهاکان لە یەك چالاکیدا و ئەنجامدانی ئەرکە خزمەتگوزارییەکان لە کۆمەڵدا تێکەڵدەکات، واتە ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی پسپۆڕ لە بواری کۆچبەران و بۆ

**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.6**

هەموو مامۆستایان لەسەر بنەمای فێربوونە، کە فێربوونەکە یان زانیارییەکە دەبێت بەشێوەیەك بێت کاریگەری باش لەسەر تاك دروستبکات، هەروەها میتۆدۆلۆژیا لایەنێکی تری فێربوونە، ئەزموونێکە زانیاری تایبەت و بەها پەروەردەیی و کەسی و مەدەنییەکان بۆ خوێندکاران و مامۆستایان دابیندەکات، چونکە کارەکانی مامۆستایان سوودیان بۆ تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و زمانی و کولتوری خوێندکارانی کۆچبەر لە خوێندنگاکاندا هەیە. لەبەر ئەوە ئەزموونی پۆل دەریخستووە، کە بەرنامەی داینامیکی ڕێگە بە هەموو کولتورە جیاوازەکان دەدات، کە هەموو ڕۆژێك لە خوێندنگا پەیوەندی بەیەکەوە بکەن و هەموو داب و نەریت و خو و ناوەڕۆکیك لەناو هەر گروپێکی کۆمەڵایەتییدا هەیە ئاڵوگۆڕی بکەن، چونکە تێگەیشتن لە نێوان کولتورە جیاوازەکان لە پۆلدا، لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیایەکی یەکگرتوو دامەزراوە، کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵایەتی و کولتوری و زمانی بەدەستبهێنرێت. کەواتە لەم مۆدێلە پەروەردەییەدا ئامانجی ڕێکار و بەرنامەکانی پەروەردەیی بۆ بەرەوپێشبردنی زمان و کولتوری ڕەسەنی کۆچبەران و تەواوی دانیشتوانی خوێندنگایە، نەك تەنها ئەو کۆمەڵەیەی خاوەنی زمانی ڕەسەنن. لەبەر ئەوە بەرزترین پلەی گەشەسەندن و لێهاتوویی نێوان کولتورەکان ئاستی(trans)[4] ی کولتورییە، کە لە لایەن (مێیەر) لەساڵی(1991) باسکراوە، لەم حاڵەتەدا خوێندکار لەسەرووی کولتورە جیاوازەکانەوەیەو بە بێ گوێدانە ئەو زانیارییانەی لەهەر یەکەیانەوە وەردەگیرێت، وەکو نێوەندگیرێك لە نێوان هەموویاندا کاردەکات، کە ئەمەش حاڵەتێکی ئاڵۆزە و ئاماژەدانە بەتوانای خوێندکاران بۆ دەرچوون لە کولتوری خۆیان و بەجێهێشتنی سنورەکانی خۆیان، لەهەمانکاتدا خۆیان لەسەرووی دوو کولتوری جیاواز یان زیاتر دادەنێن(Lopez, 2019, 555-557). هەرچی پرسە کۆمەڵایەتییەکانە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیە، کە تاك لە کۆمەڵێکدا فێری زمانێك دەبێت و لەگەڵ ئەندامەکانیدا پەیوەندی سوودبەخش و ئاڵوگۆڕی زمانەوانیی دادەمەزرێنێت. بۆیە توێژینەوە فرە پسپۆڕییەکان نواندنی گشتگیرترین ڕێگا بۆ خزمەتکردنی دانیشتوانی کۆچبەر دەکەن، کە دەچنە ناو چوارچێوەی خوێندنگاکانەوە، کە ئەم توێژینەوانەش پێویستن بۆ وەسفکردن و شیکردنەوە و تێگەیشتنێکی قوڵ لە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و زمانی و کولتورییەکانی خوێندکارانی کۆچبەر، چونکە لە شیکاری کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافیایی دانیشتوانی کۆچبەر، قبوڵکردن و پێکەوە ژیانی سەرکەوتوانەی خوێندکارە کۆچبەرەکان لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان ئاسان بەدەست دێت، ئەگەر هۆشیاری و تێگەیشتن لە دۆخی کۆچ و پاشخانی کۆمەڵایەتی و کولتوری هەبێت، واتە ئەگەر هاوپۆلەکان و مامۆستاکان و هەموو ئەو کارمەندانەی بەشدارن لە پەروەردەدا، ئاگاداری زمان و کولتوری ڕەسەنی خوێندکاران بن، دەتوانن پەسنی بارودۆخی ژیانی وڵاتی کۆچبەری یان تەنانەت ئەو وڵاتەی کۆچبەران تیایدا دەژین، بکەن، ئەوا دەتوانن لە تاك و سەختییەکانیان تێبگەن و ڕێزیانبگرن، لە ئەنجامی ئەوەشدا یەکگرتن و خۆشگوزەرانی تەواو لە خوێندنگاکاندا بەدەستدێت. دوای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی و کولتورییەکان سەبارەت بەو نەتەوانەی لە پۆلەکاندا ئامادەن، مامۆستایان دەبێت بزانن زمانی دایکی خوێندکارەکانیان چییە، ئەگەر بە زمانێکی تر ئاخاوتن دەکەن لە گەڵ کێدا و لە چ بارودۆخێکدا ئاخاوتن دەکەن، لە هەمانکاتدا دەبێت زمان و ئایدیۆلێکتی[5] خوێندکاران بە شێوەیەکی گشتی دەستنیشانبکەن، تەنها بە ئەنجامدانی ئەم کارە دەتوانن کردەوە پەروەردەییەکان جێبەجێبکەن و کێشەکانی زمانی فێرکردنیش ڕاست بکەنەو(Lopez , 2019, 561-565).

### 1-2-2/بنەما کۆمەڵایەتییەکانی زمان:

زمان ئامێرێکە بۆ گوزارشتکردن و بیرکردنەوە، یان کردەیەکە، بۆ پەیوەندیکردن و پێراگەیاندن و ڕێکخستن و پرۆسەکردن و گواستنەوەی زانیاری بەکاردێت، واتە زمان وەرگرتنی کۆزانیارییە، کە بە کردەکانی (درککردن، ئەزموون، بەرجەستەکردن...تاد)دەبێت، زمانیش هەڵگر و گوێزەرەوەی هەموو زانیارییە کولتورییە ئاڵۆزەکانە، بنەمای کۆمەڵایەتی دەستەیەك لە یاسا و ڕێسا و بنەما و هۆکاری کۆمەڵایەتییە، کە فەرهەنگ و ڕەوتی ژیانی کۆمەڵ و کەتواری کۆمەڵەکە دەینوێنن (حسێن،2021، 250-253). بەهای کۆمەڵایەتی ئەو تایبەتمەندی و چونیەتیانەن، کە لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا ویستراون، لە ڕێگەی کۆمەڵێك هۆکاری کولتوری باوەوە هێنراونەتەکایەوە، بەها ئەو بیروباوەڕانەیە، کە لەناو کۆمەڵدا باوە ناسنامەی کولتوری نەتەوە دەگەیەنێت و لایەنی باش و خراپ دیاریدەکات، ڕونکردنەوە و دیاریکردنی یاسا پەسەند و ناپەسەندەکانە، ڕەفتار بیرۆکە پڕ بایەخ و گرنگەکان لەخۆدەگرێت، لە ڕێگەیەوە ڕەفتاری تاکی پێ دیاریدەکرێت، واتە بەها پێوەر و بنەمایەکە بۆ بڕیاردان لەسەر شتەکان، کەسەکان و هەڵوێستەکان بەکاردێت، بەشێوەیەکی گشتی چەند جۆرێك بەها دیاریکراوە وەك( بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ئایینی، بەهای ڕەوشتی، بەهای هزری ئاوەزی، بەهای زانستی کۆزانیاری...تاد)(ئەمین،2015 ،70-72).

### 1-1-2-2/ زمانی ڕەسەنی کۆچبەران:

1-زمانی ڕەسەن ناسنامەی نەتەوەیی کۆچبەرانە، هۆکاری سەرەکی پاراستنی یەکڕیزی نەتەوەیی کۆچبەرانی ئەو زمانەیە.

2-زمانی ڕەسەن بەشێکی گرنگی ناسنامەی کولتوری کۆچبەرانە، کە بەهۆی زمانی ڕەسەنەوە کولتور و مێژوو دابونەریت و شارستانییەتی کۆچبەران دەپارێزرێت، یارمەتی گواستنەوەی نەریت و بەها کولتورییەکانی کۆچبەران لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەدات(ڕەزا،105.2013).

3- زمانی ڕەسەن یارمەتی پاراستنی پەیوەندی نێوان نەوە جیاوازەکانی خێزانە کۆچبەرەکان دەدات.

4-زمانی ڕەسەن پەیوەندییەکی قوڵی لەگەڵ هەست و سۆزی مرۆڤدا هەیە، یارمەتی کۆچبەران دەدەت هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکەن لەو وڵاتە نوێیەی، کە کۆچیان بۆ کردووە.

5- زمانی ڕەسەن هەستی خۆناسین و متمانەبەخۆبوون لەلای کۆچبەران بەهێزدەکات.

6- زمانی ڕەسەن بنەمایە بۆ فێربوونی زمانی دیکە، واتە ئەو کۆچبەرانەی زمانی ڕەسەنی خۆیان بەباشی دەزانن، ئەگەر هەوڵبدەن دەتوانن چەند زمانێکی تر فێربین.

**2-2-1-2/پاراستنی زمان و ناسنامەی کەمینەکان لە کۆمەڵی کۆچبەراندا:**

یاسای نێودەوڵەتی پەسنکەری چەندین جۆری کەمینەیە، هەر بۆیە گفتوگۆکان لەبارەی پاراستنی زمانی کەمینەکان چڕبوەتەوە، لەگەڵ هەندێك جۆری بنەڕەتی کەمینەکان وەك( کەمینە نەتەوەیی، ئایینی، زمانییەکان). کەمینەی نەتەوەیی وەکو گروپێکی کۆمەڵایەتی پێناسەدەکرێت، کە لەڕووی (فەرهەنگ ، ئایین، زمان...تاد) هاوبەشی و جیاوازییان هەیە، ناسنامەی نەتەوەیی لەوانەیە هەندێك ڕەگ و ڕیشەی بەرجەستەی هەبێت وەك (زمان، ئایین، پەروەردە، ناسنامەی کەسی...تاد)، چونکە گروپە نەتەوەییەکان لە کەسانێك پێکهاتوون، کە هەمان ناسنامەی کولتوریان هەیە، لە بەها و داب و نەریتیاینیشدا ڕەنگدەداتەوە، ئەم جۆرە کەسانەش بەشێوەیەکی گشتی بە زمانێك یان ئاینێکی هاوبەش هەندێك جاریش بە ڕەچەڵەکی هاوبەش یەکدەخرێن، بۆ ئەوەی وەکو کەمینەیەکی نەتەوەی دانیان پێدابنرێت. ڕێبازی پاراستنی زمانی کەمینەکان، لەسەر ئەو تێڕوانینە دامەزراوە، کە زمان توخمێکی بنەڕەتی ناسنامەی کەسییە، بەم پێیەش دەبێت ژینگەیەکی کولتوری و زمانەوانیی پاڵپشتیکەر و هاوئاهەنگ بۆ گەشەسەندنی تاك هەبێت. بنەمای مافی زمانەوانیی کەمینەکان بنەمای(ئیکۆلۆژییە)، لەژێر ئەو بنەمایەدا بەهای جۆراوجۆر بۆ زمان دادەنرێت، بنچینەی سێیەمی ئەو مافە، کە تایبەتە بە زمان دەتوانێت پاراستنی ناسنامەی تاك و گروپ و کۆمەڵێکی سەقامگیر بێت، لەبەرئەوە زمان توخمێکی ناوەندییە و گرنگییەکی زۆری لە پاراستنی ناسنامەی گروپیدا هەیە، چونکە زمان بۆ کۆمەڵی کەمینە زمانییەکان گرنگە، کە هەوڵی پاراستنی کەمینە جیاوازەکان دەدەن. پەیماننامەکانی کەمینەکانی کۆمەڵەی گەلان، جەختیان لە پاراستنی زمانی کەمینەکان کردوەتەوە، بۆ نموونە پەیماننامەی کەمینەی پۆڵەندی لە ساڵی(1919) بانگەشەی ئەوە دەکات هاوڵاتیانی پۆڵەندی، لە یاسادا سەر بە کەمینە ئایینی و نەژادو زمانەوانییە جیاوازەکانن، لە ڕاستیشدا وەك هاوڵاتیانی دیکەی پۆڵەندی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، واتە مافی یەکسانیان دەبێت لەڕووی (دامەزراندن و بەڕێوەبردن و دامەزراوە خێرخوازی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، خوێندنگا و دامەزراوە پەروەردەییەکان، مافی ئازادی بەکارهێنانی زمانی خۆیان ...تاد )(Khan 2017, 45-52). پاراستنی کەسانی سەر بە کەمینە زمانەوانییەکان، دەکرێت وەکو هاوسەنگییەك بێت لە نێوان پێداویستییەکانی یەکێتی نەتەوەیی و پاراستنی کولتوری کۆمەڵی دانیشتوان، لە پاراستنی کولتوری خۆیاندا کەمینەکان دەتوانن تاڕادەیەك (خوێندن، ناونانی منداڵ، دەستگەیشتن بە میدیا، ئەرکە یاسای و کارگێڕییەکانی حکومەت) بە زمانی خۆیان بێت، (فرانسیسکۆ کاپۆتۆرتی) لە ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکانی ساڵی(1977)، پێناسەی بۆ کەمینە زمانەوانییەکان کردوە و دەڵێت: گروپێکن، لەڕووی ژمارەوە لە پاشماوەی دانیشتوانی وڵاتێك کەمترن. لە گروپی کەمینەدا خەڵك کەمترن بە بەراورد بە زۆرینە، واتە کۆمەڵێکی زمانی دەتوانێت لە قەوارەیەکی سیاسی بچوکتردا کەمینە بێت، بەڵام لە دەوڵەتی نەتەوەیدا زۆرینە بێت(Kibbee, 2008, 81-90).

**2-2-1-3/ سودەکانی پرۆگرامی خوێندنی دووزمانی:**

1-پرۆگرامی دووزمانی توانای مێشك بەهێز دەکات و بیرکردنەوە فراوانتردەکات، واتە خوێندنی پرۆگرامی دووزمانی کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەی مێشك دەبێت، دەبێتەهۆی ئەوەی هەندێك بەشی مێشکی مرۆڤ زیاتر چالاك بێت.

2-دووزمانی دەبێتەهۆی پاراستنی توانای مێشك لە تەمەنێکی گەورەدا، چونکە ئەو مرۆڤانەی دوو زمان دەزانن، لەڕووی تەندروستییەوە پێدەچێت پێنج ساڵ درەنگتر توشی زەهایمەر(Alzaheimer)، یان فەرامۆشی/دمێنشا(Dementia)بن یاخود نەبن.

3- زانینی زیاتر لە زمانێك هەستی شانازی و شادی بە کەسەکان دەبەخشێت(ڕەشید،5-6).

4- خوێندنی دووزمانی بۆ بڕوا بەخۆبوونی خوێندکاران و برەودان بە فەرهەنگ و کولتور و زمانیان گرنگە، چونکە دووزمانی پشتیوانی لە توانای خوێندکاران دەکات بۆ فێربوونی کولتورێکی دیکە، جگە لە کولتوری خۆیان(حەسەن،2022،110).

5- مرۆڤ کاتێك فێری دووزمان دەبێت مێشکی ڕاهاتوودەبێت لەسەر فێربوونی سیستەمی زمانی نوێ، بەمەش کاتێك فێری دووزمان دەبیت، ئەوا فێربوونی زمانی سێیەم و چوارەم ئاسانتردەبێت.

6- خوێندنی دووزمانی توانای وەرگرتن و پاراستنی زانیاری زیاتردەکات

**2-2-1-4/ ڕۆڵی زمانی دووەم لەدەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان لە کۆمەڵی کۆچبەراندا:**

زمانی دووەم رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە کۆمەڵی کۆچبەراندا هەیە، ئامرازێکی بەهێزە لەپێناو دەستگەیشتن بە کۆمەڵێك خزمەتگوزاری گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- توانستی زمان و هەلی کار: ئەو کۆچبەرانەی ڕودەکەنە وڵاتی کۆچبەری ئاستەمە بە ئاسانی و بە یەکسانی فێری زمانی وڵاتی کۆچبەری ببن، لەبەرئەوەی یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی کارایی و فێربوونی زمان، تەمەنە لە کاتی کۆچکردندا، لەمڕووەشەوە فێربوونی زمان بۆ منداڵان ساناترە بەراورد بە تەمەنەکانی دواتر، کە تاڕادەیەك گرانترە و فێربوونی زمانیش بۆ ئەو کۆچبەرانە ئاسانە، کە زمانی زگماکی خۆیان لەڕووی زمانەوانییەوە نزیك بێت لەو زمانەی فێری دەبن، نابێ ئەوە لەبیربکرێت، کە خوێندن بەشێوەی جوتزمانی و بەسەرەکی وەرگرتنی زمانی دووەم وەك زمانی سەرەکی خوێندنییان سوودی لێوەربگیرێت، چونکە لە ساڵانی یەکەمی خوێندندا منداڵان پێویستە بەزمانی دایکییان بخوێنن و بنەمای بیرکردنەوەو گۆشکردنیان لەسەر ئەو زمانە بێت و یاساو ڕێساکانی زمانەکەی خۆیان بەباشی فێربن، دواتر زمانی دووەم وەربگرن. کەواتە مەودای زمانەوانیی و کاریگەری تەمەن و کۆمەڵێك هۆکاری دیکە کاریگەریان لەسەر کارایی زمان هەیە، وەك پاڵنەر و هۆکارە دەروونیەکان و توانا مەعریفییەکان. سیاسەتەکانی یەکخستنی کۆچبەران لەسەر بنەمای زمانە، هەرچەندە توانای زمان بەگشتی لەگەڵ ماوەی نیشتەجێبوون لە وڵاتی کۆچبەریدا باشتر دەبێت. بەڵام ڕاهێنانی زمان ئاسان نییە و پێویستە لەلایەن کەسانی شارەزاوە چاودێری بکرێت، خولی زمان و توانای زمانی کۆچبەرانیش کاریگەری ئەرێنی لەسەر بازاڕی کار دەبێت، کاریگەرییەکانیش نەك تەنها لە توانای زمان بەڵکو لە هاوتابوونی کارامەییەکانی پێش کۆچبەری کۆچبەران و ڕاهێنانی زمانیشەوە سەرچاوەدەگرێت، بەم شێوەیەش بە گواستنەوەی کارامەیی کۆچبەران بازاڕی کاری وڵاتی میواندار باشتر دەبێت (Pytlikova, 2016, 351-353). ڕاهێنانی زمانیش لەلایەن دامەزراوە گشتییەکانی وەك سیستەمی پەروەردە، کۆمەڵەکان، ڕیکخراوە خێرخوازییەکان، تاکەکەسی خۆبەخشەوە پێشکەش بە کۆچبەران دەکرێت، بەم پێیەش تاقیکردنەوەکانی زمان و هەڵسەنگاندنی تواناکانی زمان بۆ پێدانی هاوڵاتیبوون دەتوانرێت بسپێردرێت بە دەزگا پیشەییە دانپێدانراوەکان، کە پسپۆڕن لە هەڵسەنگاندنی تواناکانی زمان، هەندێك جاریش لەلایەن ستافێکەوە بەڕێوە دەچێت، کە پسپۆڕ نین لەفێرکردنی زماندا (Beacco, 2008, 20-21).

2-خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی: چاودێری تەندروستی کۆچبەران کارکردنی ئەو سیاسەت و پراکتیکانەیە، کە کۆچبەران دەوریانداوە، لەبەر ئەوەی سیاسەتەکانی دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆچبەران لە نێوان وڵاتاندا جیاوازە، لەو وڵاتانەی نەریتێکی بەهێزی تەندروستی گشتی و هاودەنگی کۆمەڵایەتییان هەیە، دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەمووان کراوەیە، لەوانەش کۆچبەرانی یاسایی و نایاسایی، لەو وڵاتانەی، کە سیستەمی چاودێری تەندروستی تایبەتیان هەیە، زۆر جار مەرجەکانی بیمەی تەندروستی وایکردووە، کە کۆچبەرانی یاسایی و نایاسایی دەستیان بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بگات (Mboup, 2005, 1-4). بەڵام غەریزەی کۆمەڵایەتی غەریزەیەکی خۆڕسکییە و لە مرۆڤدا بوونی هەیە، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت لە کۆمەڵدا بژێت، بەمەش پەیوەستبوونی مرۆڤیش لە کۆمەڵدا تەنها بەبوونی لەو کۆمەڵەیەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو ئەگەر لەو کۆمەڵەیەدا بوو لەگەڵ ئەو یاسایانەدا دەڕوات، کە کۆمەڵەکە پەیڕەویدەکات. لەمڕووەشەوە بێئاگایانە لە کاتی ئاخاوتندا یاساکانی کۆمەڵەکە پەیڕەودەکات. بۆ ئەوەی کەسێك ببێتە تاکێك لەو کۆمەڵەیە، پێویستە بە پێی ئەو یاسایانەی کۆمەڵەکە دیارییکردووە ڕەفتاربکات، چونکە ئەو یاسایانە ژیانی کۆمەڵ ڕێکدەخات و پەیوەندیکردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵە بەیەکترەوە ئاسان دەکات، کۆمەڵەکەش لەبارێکی چەسپاودا دەهێڵێتەوە. (محمد،2009،69).

3- ماف و بەرپرسیارێتی: مافە زمانییەکان لە چوارچێوەی پابەندبوونی یەکێتی ئەوروپا بە فرەزمانی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، چونکە یەکێتییەکە دەکەنە بنەمایەکی باش بۆ بانگەشەی زمان. سەرچاوەی سەرەکی مافە بنەڕەتیی و دەروونییەکان یەکێتی ئەوروپایە، کە ئامرازی سەرەکی مافەکانی مرۆڤ لە یەکێتی ئەوروپا پێك دەهێنن، بەوپێیەی ئاماژەدانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە ماف و ئازادی و بنەماکانی پەیوەست بە زمان لەخۆدەگرن، واتە دەبێت لە بنەما گشتییەکانی یاسای یەکێتیدا بۆ سەرچاوەی مافە زمانییەکان بگەڕێین، بنەما گشتییەکانی یاسا بە پلەی یەکەم ئاماژە بە مافی زمانی کەسانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی و کەمینە زمانەوانییەکان دەکەن، کە بوارێکە دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتە ئاشکراکانی یەکێتی ئەوروپا. مافەکانی زمان وەك مافێکی بنەڕەتی لەژێر ڕۆشنایی یاسای یەکێتی ئەوروپا لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت.

بەشی یەکەم: پێشوەختە چوارچێوەیەکی یاسایی و نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی زمان دەخاتەڕوو، بەهۆی ئەوەی ئامرازە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ بنەما گشتییەکانی یەکێتی ئەوروپا پێك دەهێنن، جگە لەوەی یاسای نێودەوڵەتی پاشخانی پۆلێنە چەمکییەکان و زاراوەییەکان دروستدەکات، بەشەکە بە شیکاری ئامانج و پانتایی پاراستنی مافی زمان دەستپێدەکات، بۆ بینینی شیکارییەکە مەودای پاراستنی مافی زمان لەشێوەی بازنەی هاوسەنتەردا دەخرێتەڕوو، دواتر ئەو مافانەی زمان، کە وەك مافی مرۆڤ گشتگیر و شیاون هەڵدەبژێررێن و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت، لەوانە ئازادی ڕادەربڕین بە زمانی خۆی، مافی جیاوازی نەکردن بە پاساوی زمان و مافە زمانییەکان، لە کۆتاییشدا شیکاری بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافانە دەکرێت.

بەشی دووەم: بەوردی و سروشتی بنەڕەتی لە مافەکانی زمانی یەکێتی ئەوروپا دەکۆڵێتەوە، لەوانەش مافەکانی زمان وەك بنەما گشتییەکانی یەکێتی ئەوروپا و ئەو مافانەی، کە لە پەیماننامەکەدا چەسپاون.

بەشی سێیەم: تیشکدەخاتەسەر پشکنینی هەمووئەو مافە زمانییانەی، کە لە بەیاننامەکەدا هاتووە، پێش هەموو شتێك لێکۆڵینەوەکە دەچێتە ناو شیکردنەوەی ئەو مافانەی، کە ئاماژەی زمانەوانی ڕوونیان هەیە، وەك مافی جیاوازی نەکردن لەسەر بنەمای نەتەوەیی و زمان، ڕێزگرتن لە فرەچەشنی زمانەوانی، دوابەدوای ئەوەش لەلایەنە زمانیی و مافە بنەڕەتییەکانی دیکە دەکۆڵێتەوە، لەوانە مافی خوێندن، مافی هاوڵاتیان، مافی بەڕێوەبردن، مافەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی دادوەری وەك مافی دادگاییکردنی دادوەرانە و مافی بەرگریکردن(Wulczyn،nska, 2020, 227-230). مافەکانی زمان نوێن و دەرکەوتنیان سنووردارە بە شێوەیەك، کە سەرەتای دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەڤدە و هەژدە و سەدەی نۆزدەیەم، مافی زمانی کۆچبەران لە کۆتایی سەدەی بیستەم. لەمحاڵەتەدا هەموو ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامەو بەیاننامانەی باسی مافە زمانییەکان دەکەن، مافی زمانی کۆچبەران ڕەتدەکەنەوە، تەنها تیۆری کۆمپاکتی بێدەنگ پێیوایە کۆچبەران بە هەوڵدان بۆ گواستنەوەیان بۆ وڵاتی نوێ، ڕێککەوتن لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ زمانی زۆرینەی وڵاتە نوێیەکان دەکەن، بەڵام تیۆری یەکێتی نیشتمانی پێیوایە پەسنی ئەو لایەنانە دەکات، کە زمانی گروپە کۆچبەرەکان دەبێتە هێزێکی تێکدەر لە سیاسەتی نیشتمانیدا و وادەکات لە وڵاتی کۆچبەریدا ناجێگیربن. دوای جەنگی دووەمی جیهانی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دانی نا بە پاراستن و جیاوازی نەکردن لە نێوان زمانەکان وەك مافێکی بنەڕەتی مرۆڤ. ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی هەموو کرێکارانی کۆچبەر و خێزانەکانیان(1990) پارێزگاری لە مافی زمانی کۆچبەران تەنها لە دوو بواردا دەکات، مادەی (16)لە سیستەمی دادوەری تاوانکاری، مادەی(18) مافی خوێندن بە زمانی وڵاتی کۆچبەری، کە ئەمە پشتگیری لە فێرکردن بە زمانی زگماکی خۆیان ناکات. لە تشرینی دووەمی (2001) لە کۆنفرانسی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان جاڕنامەی یونسکۆ سەبارەت بە هەمەجۆری کولتوری پەسەندکرا، لە مادەی پێنجەمیدا هانی پاراستنی میراتی زمانی درا، لە مادەی شەشەمدا هانی هەمەجۆری زمانی درا، لە هەمانکاتدا هانی ڕێزگرتن لە زمانی دایك لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا درا (Kibbee, 2004, 3-8). لەمڕوانگەیەوە دەکرێت مافی زمانی کۆچبەران لە چەند خاڵێکدا ڕوون بکرێنەوە:

1- سیاسەتی زمانی بریتییە لە یاسا و ڕێکاری تایبەت، کە لەلایەن حوکوومەت و دامەزراوە یاساییەکانەوە دادەنرێن بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمان و دیاریکردنی ڕۆڵی زمان لە ژیاندا بەگشتی، کە ئەم یاسایانە ڕۆڵێکی زیندوو و کاریگەر دەبینن لە پاراستنی ناسنامەی ڕۆشنبیری و کولتوری و میللەتان و فەراهەمکردنی مافی هاوڵاتیان سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی دایك.

2- مافی فێرکردنی زمانی دایك بە مندالەکانیان.

3-مافی پاراستنی زمانەکەیان لە لەناوچوون و گەشەپێدانی.

4-مافی بەکارهێنانی زمانی دایك بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دامودەزگا حکومییەکان.

5- مافی دابینکردنی پەروەردەی دوو زمان(زمانی دایك+ زمانی وڵاتی کۆچبەری).

6-مافی بوونی وەرگێڕ لە دادگا و دەزگا حکومییەکان.

7- مافی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان بە زمانی دایکی.

4- دەستکەوتی ئەکادیمی: دەستکەوتی ئەکادیمی بە بنیاتێکی فرەلایەن هەژماردەکرێت، چونکە ناونیشانە جیاوازەکانی فێربوون لەخۆدەگرێت، بەو پێیەی بواری دەستکەوتی ئەکادیمی زۆر فراوانە و جۆرەها دەرئەنجامی پەروەردەیی فراوان دەگرێتەوە، لە نێوان ئەو پێوەرە زۆرانەی ئاماژەن بۆ دەستکەوتی ئەکادیمی، نیشاندەری زۆری وەك (زانیاری ڕێکار و ڕاگەیاندنی بەدەستهێنراو لە سیستەمی پەروەردەیی) هەیە، پێوەرەکانیش زیاتر لەسەر بنەمای کۆرسی خوێندنە وەك نمرەکان، ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن، ئەو پێوەرانەی بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی خوێندکاران بەکاردەهێنرێن وەك (بڕوانامەی خوێندن). بەڵام لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا دەستکەوتی ئەکادیمی ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا هەیە. بۆ نموونە دەستکەوتی ئەکادیمی وەك نمرە( تێکڕای خاڵ)، هەڵسەنگاندنێکی ستاندارده، کە بۆ مەبەستی هەڵبژاردن داڕێژراوە، تاقیکردنەوەش هەڵسەنگاندنی خوێندن دیاریدەکات، کە ئایا خوێندکار دەرفەتی بەردەوامبوونی لە خوێندن و چوونە زانکۆ دەبێت، لێرەوە دەستکەوتی ئەکادیمی پێناسەی ئەوەدەکات، کە ئایا مرۆڤ دەتوانێت بەشداری لە خوێندنی باڵادا بکات یان نا، ئەو بڕوانامە پەروەردەییانەی بەدەستیدەهێنێت، کاریگەری لەسەر پیشەی مرۆڤ دەبێت دوای تەواوکردنی خوێندن. ( Wirthwein, 2014, 2). (Bhatnagar R.P.1969) دەستکەوتی ئەکادیمی یان ئەدای ئەکادیمی خوێندکاران وەك لایەنێکی کۆی ڕەفتاری ئەوان دەزانێت. کەواتە دەستکەوتی ئەکادیمی بەرهەمی کارلێکی خوێندکارە وەکو تاکێك لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، واتە خوێندنگا و مامۆستا و هاوتەمەنەکانی. دەستکەوتی ئەکادیمی( بەرز یان نزم) بەشێوەیەکی سەرەکی باروذۆخی کۆمەڵایەتیی و ئابووری خێزانەکان لەبەرچاودەگرێت، لەبەرئەوەی خێزانەکان لەزۆربەی کۆمەڵە دیموکراسییەکاندا لەڕووی(کولتور، شێوازی ژیان، خاوەنداریەتی، پیشە، پەروەردەوە ...تاد) جیاوازن، چونکە خێزانەکان سەر بە چینە جیاوازەکانن لە(بەرزەوە بۆ نزم)، ئەو کەسانەشی، کە سەر بە پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەرزن بە خاوەنی دەستکەوتی ئەکادیمی بەرز ناسێنراون. کەواتە دەستکەوتی ئەکادیمی بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ پلە یان ئاستی سەرکەوتنی لێهاتوویی، کە لە هەندێك بواری دیاریکراودا بەدەستهێنراوە (Bhardwaj, 2014, 1-2).

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (101-116)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.6**

**ئەنجامی توێژینەوەکە:**

1-زمان لە پرۆسەی کۆچکردندا بایەخ و گرنگییەکی بەرچاوی هەیە، بەوپێیەی یەکێکە لەو هۆکارانەی یارمەتیدەرە لە ڕوونکردنەوە و ئاڕاستەکردنی ڕەوتی کۆچبەری.

2-زمانی ڕەسەنی کۆچبەران ناسنامەی نەتەوەی کۆچبەرانە، یارمەتی پاراستنی پەیوەندی نێوان ئەوە جیاوازەکانی کۆچبەران دەدات، بنەمایەکیشە بۆ فێربوونی زیاتر لە زمانێك.

**3-** بەرزترین پلەی گەشەسەندن و لێهاتوویی نێوان کولتورەکان، ئاستی(trans) ی کولتورییە، کە خوێندکار لەسەرووی کولتورە جیاوازەکانەوەیە و بە بێگوێدانە ئەو زانیارییانەی لەهەر یەکەیانەوە وەردەگیرێت، وەکو نێوەندگیرێك لە نێوان هەموویاندا کاردەکات، کە ئەمەش حاڵەتێکی ئاڵۆزە و ئاماژەدانە بە توانای خوێندکاران بۆ دەرچوون لە کولتوری خۆیان و بەجێهێشتنی سنوورەکانی خۆیان، لەهەمانکاتیشدا خۆیان لەسەرووی دوو کولتوری جیاواز یان زیاتر دادەنێن.

4- خوێندکارانی کۆچبەر لەگەڵ زیاتر لە زمانێك واتە فرەزمانی لە پرۆسەی خوێندندا لە پۆل و ماڵەوە دەجەنگن.

**سەرچاوەکان:**

1-ئەمین، عەلی، بەکر عومەر وشێرکۆ حەمە(2007)، زاروشێوەزار، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

2-ئەمین، هەوار عومەر فەقێ (2015)، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لەپرۆگرامەکانی خوێندندا (خوێندنی زمانی کوردی وەك نموونە)، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی.

3 -جەبار، ئاسۆ،(2001)، کۆچ وسەفەر، چاپی دووەم.

4-حسن، ئاشتی احمد (2022)، ئارێشەکانی پەروەردەی جووت زمانی، نامەی ماستەر ،زانکۆی گەرمیان.

5-حسین، شیلان عومەر (2021)،زانستی زمانی کارەکی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد.

6-خەیلانی، فارس علی اسماعیل(2023)، کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی – شێوەزاری سورچی بە نموونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

7-رەزا، دارا حمید و فاروق محمد(2013)، زمانی دایك و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

8-ڕەشید، بەرزنجی، سەباح و فەرەیدون عەبدول(2013)، بڵاوبوونەوەی زارو زمانەکان لە ژێر ڕۆشنای تیۆری شەپۆلەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیایی کوردی، ژ26.

9-ڕەشید، سەلام ڕەحیم (2014)،یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری خانەقیندا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

10-ڕەشید، سەلام ڕەحیم، لەیەکەمیخستنی زمانی دایك: مەترسی زمانی دووەم (ئینگلیزی لەسەر زمانی یەکەم کوردی) قوتابخانە تایبەت و ناحکومییەکان بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، (سەرچاوەیەکی بڵاونەکراوە).Vol.6 , No.1

11-سعید، احمد، عبدالرحمان، یوسف شریف و عمر (2023)، دابەشبوونی زارە کوردییەکان بە پێی تیۆری شەپۆلەکان شێوە ئاخاوتنی سورچی بە نموونە، گۆڤاری توێژەر، بەرگی 6، ژمارە 1.

12-فتاح، محمد معروف (2011)، زمانەوانی ، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

13- فوجو، میسون زكي(2012)، استراتيجيات التنمية البشرية و دورها في الحد من ظاهرة هجرة الكافاءات العلمية في فلسطين(دراسة حلة قطاع غزة), رسالة الماجستير، الجامعة الإسلامية غزة.

14-کاظم، سعادجواد، الانعكاسات الفنية لثيمة الهجرة فى رواية سفينة نوح لخالد خميسي(2023)، رسالة الماجستير، السليمانية.

15-محمد، بەهار زایر(2009)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

**References**

16- Bermejo, Rut (2008), language and immigration: an Analysis of the Development of linguistic Requirements in immigration policy, Documento de Trabajo, working paper.

17-Beacco, jean Claude (2008), the role of languages in policies for the integration of adult migrants, Strasbourg.

18-Bhardwaj, Bhat, Hemwati Nandan and Ritu (2014), the concept of Academic Achievements, International Journal of Education and science Research Review, volume 1 , Issue 6.

19-Borlongan, Ariane Macalinga (2023), Migration linguistics: A synopsis, (36) 2, Tokyo university of foreign studies.

20-collins, James(2012), migration sociolinguistic scale and Educational Reproduction, Anthropology and Education, Article in Anthropology & Education Quarterly 43(2).

21-Mboup, Carballa, Mourtala and Manuel (2005), international migration and health, A paper prepared for the policy Analysis ana Research programme of the Global commission an international migration, international center for migration and health.

22-Dixan, R. M. W (1997) the rise and fall of languages. Cambridge. Cambridge university press.

23-Frese, Michael (2015), cultural practices, norms, Article in journal of cross – cultural Pyschology 46(10).

24-Holm, J. (1988)Pidgins and creoles ;volume 1& 11. Cambridge: Cambridge university press.

25-Imran , Al (2023), What is migration? Describe the types, causes and consequences of migration, Jagannath university.

26-Khan, Kamal Ahmad (2017), the protection of minority language: Whether a tool for their protection, Scientia Iuris, Londrina, v21, n2.

27-Kibbee, Douglas A ,(2004), Language Rights and Immigrant Languages, university of lllinois at Urbana-Champaign.

28-Kibbee Douglas A ,(2008), Language Rights: Historical and Comparative Perspectives, STU Law Journals, IHRLR, Vol 3, ST Thomas University.

29-Lopez, del, Marla and Carmen Fernandez (2019), the linguistic and cultural Atlas of immigration : multidisciplinary Research for Spanish classrooms, published by De Gruyter , Open linguistics(5)1.

30-Mcnamara, Sohamy,Tim and Elana (2009), language test for citizenship, immigration and Asylum, in language Assessment Quarterly an International Journals(6) 1.

31-pytlikova, Adsera, Mariola and Alica(2016), language and migration, Ginsburgh et al, the palgrave Handbook of Economics and language.

32-Schwartz, Shalom H(1999), A theory of cultural values and some Implicions for work, An international(48) 1.

33-Thomson, S.G. & Kaufman,T.(1988). Language contact creolization, and Genetic linguistics. Berkeley; university of California press.

34-Wu, Chao, Chunxia and Ruth K. (2005), intergenerational cultural conflict in parental warm norms among chines, American immigrants, international journal of Behavioral Development (29) 6.

35-Wulczynʼska , Aneta Skorupa, (2020), LANGUAGE RIGHTS OF THER CITIZEN OF THE EUROPEAN UNION, Publisher KSAP, WARSAW.

36- Wirthwein , Weidinger , MeiBner, Steinmayr, Linda and Anne and Anja and Ricarda (2014), Academic Achivement, publication Ricarda steinmyar.

**لینك:**

37- فرصة كل ماتحتاج معرفته عن الهجرة مفهومها اسبابها و اهم النصائح(https://www.for9a.com)

38-https://www.un.org>international migration

پەراوێزەکان:

1- زنجیرەی ڕۆتلیدج (Routledge series) کۆمەڵێك کتێبی ئەکادیمییە، کە لە لایەن خانەی ڕۆتلێدج بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە دەرچووە، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین و کۆنترین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، بەتایبەتیش لە بواری ئەکادیمیدا، کە لە ساڵی(1836) لە لەندەن دامەزراوە.

2-ئەنثرۆپۆلۆژیایی پەروەردە: بریتییە لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەروەردە وەك دیاردەیەکی کولتوری و کۆمەڵایەتی.
3-ئەنثرۆپۆلۆژیایی زمانەوانی پەروەردە: بریتییە لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان(ئەنثرۆپۆلۆژیا) مرۆڤناسی، زمانەوانی پەروەردە، کە بەتایبەتی لێکۆڵینەوە لە کاریگەری کولتور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەسەر پرۆسەی فێربوون و فێرکردنی زمان، چۆنییەتی گواستنەوەی زانیاری و بەها و نەریتەکان لە ڕێگەی زمان و سیستەمی پەروەردەوە دەکات.

4-ئاستی(trans): لە بواری کولتوردا بریتییە لەپەیوەندی نێوان کولتورەکان و ئاستەکانی گواستنەوەی کولتوری، کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکان لەسەر دەوڵەمەندکردنی کولتور و بیرۆکە و داهێنانی نوێ، یان لەدەستدانی هەندێك تایبەتمەندی کولتوری ڕەسەن و دروستبوونی کولتورێکی تێکەڵاو، دروستبونی ناسنامەی نوێی کولتوری.

5-ئایدیۆلێکت:- واتە دیالێکتی تاکەکەسی، شێوازی دەربڕین یان نووسینی تاکە کەسێکە لە چوارچێوەی سیستەمێکی زمانی دیاریکراودا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئایدیۆلێکت بڕوانە: سەلام ڕەحیم ڕەشید(2014-11).